به ناوی کوردستانی گه‌وره !

# پرۆفیێسۆر شاندۆ شوعبه‌ده‌بازه یا حه‌مه کۆڵ

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com
2003/6/13

**کورته به‌رکوڵ (پێشه‌کی) :**

هه‌رکاتێک زنجیری ئه‌ستوور و تیژی حه‌وشه‌ی گرتوخانه‌ی نادیاری زه‌مان، هه‌ر له‌خۆوه ده‌کرێته‌وه و بۆم ده‌لوێ، تاقه خوله‌کێک به‌سه‌ریدا ناچم وخێرا له غه‌ریبی هه‌ڵدێم و ده‌چمه‌وه بۆ باوه‌شی کوردستان، تا له‌وێ به کاوخۆ، یا بنێمه‌وه جێ پێی سه‌رده‌می منداڵیم و پشتاوپشت بگه‌رێمه‌وه بۆنێو بیابانی وشک و که‌ویری قاقڕی ژیانی کۆمه‌ڵی ئه‌و کاته، که به ده‌گمه‌ن تاقه نه‌مامێکی خه‌مڵیو و پڕ به‌رم لێ ده‌دی - به‌ڵام ئێستا چه‌رخی ره‌وڕه‌وه‌ی سروشت، ئه‌و بیابان و که‌ویره‌ی کردوه به باغێکی زه‌نوێری پڕ له خه‌ڵف و له هه‌ر خه‌ڵفێک به ده‌یان میوه‌ی مزر و مه‌یخۆشی هونه‌ر، زانست، تێکنیک و رامان خه‌مڵیوه، که کۆمه‌ڵناسان به‌مه ده‌ڵێن هه‌ستانه‌وه یا رێنێسانسی فه‌رهه‌نگی، به‌ڵام به‌داخه‌وه باغێکی بێ خاوه‌ن و بێ نازه وله لایه‌کیشه‌وه، باغ و بێستان بێ چه‌قه‌ڵ نابێ.

جا، به پێی ئه‌و بارودۆخه‌ی سه‌ره‌وه، هاوینی پاره‌که، چوومه‌وه بۆ یه‌کێک له شاره گه‌وره‌کانی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان . دوای نیوه‌رۆ چوومه پارک، تا خۆم له گه‌رما بشارمه‌وه . له پارکه‌که دا، به‌رنامه‌یه‌کی شوعبه‌ده بازی یا ته‌رده‌ستی بو و کابرایه‌ک به ناوی پرۆفێسۆر شاندۆ، که له ئه‌سڵدا ئیسفه‌هانی بو ، له سه‌ر سه‌کۆیه‌ک، له نێو پارکه‌که دا، شوعبه‌ده بازی ده‌کرد . خه‌ڵکێکی زۆر ته‌ماشای به‌رنامه‌که‌یان ده‌کرد . شاندۆ که وه‌ک نێوه ساخته‌گیه‌که‌ی، رواڵه‌ت و ریش و میشێکی سه‌یریشی بۆ خۆی ساز کردبو و بۆ ئه‌وه‌ی که بیلامانێ نه‌ڵێن واو واو وا، له باتی کراواتی به‌سزمان، له‌تێک گوریسی کردبوه ملی، کاری زۆر سه‌یر و سه‌مه‌ره‌ی ئه‌نجام ده‌دا، بۆ وێنه میوه‌ی زله‌ی سێوی له نێو ده‌نکه گوێزی چکۆله ده‌رده‌هێنا ؛به ته‌رده‌ستی بولبولی ده‌نگخۆشی هه‌زاری ده‌کرده داڵی لاشخۆری زه‌به‌لاح ؛ و هه‌ر به بۆنه‌ی ئه‌وه‌وه، که به‌شی هه‌وه‌ڵی ناوه‌کانیان یه‌کێکه، که‌ری شیره‌تی ده‌کرده که‌روێشکی به‌ته‌ماڵ که‌وتو و نیشانی خه‌ڵکی سه‌رسوڕماوی ده‌دا . حه‌شیمه‌تیش وه‌ک ده‌نگی بارشتی ته‌رزه‌ی ده‌نک زلی به‌هار، که له سه‌ر بانی شیروانی ته‌نه‌که بکه‌وێ، فه‌وجی مه‌وجی چه‌پڵه‌ی به‌لاشیان ده‌نارد به‌ره‌و گه‌ردوون .

له‌م کاته‌دا، کابرایه‌کی خێڵ، که چاویلکه‌یه‌کی وه‌ک بنه ئیستیکانی ئه‌ستوور له چاودا بو، له جێی لاسک، به به‌ن به گۆێیه‌وه به‌ستبو، له‌به‌ر ناسازی هاتبوه سه‌ر دوندی لووتی وێستابو و بۆ ئه‌وه‌ی شاندۆ ببینێ ملی به پشتدا کووڕ کردبووه‌وه، هاواری کرد و وتی : شاندۆ شوعبه‌ده باز نیه، ئه‌م کاره ساکارانه‌ی ئه‌و، چۆچه‌ی گاوانیش ده‌توانێ بیانکا، تکا ده‌که‌م بێڵن من نیشانتانی بده‌م چ شوعبه‌ده بازێکم . به ده‌می خۆم نه‌بێ ده‌ستی هه‌زار شاندۆم له پشتوه به ده‌زوی باریک به‌ستوه، جا چیه با ریشی پرۆفێسۆری و فیک و فاکم نه‌بێ - کرده‌وه گرنگه .

خه‌ڵکه‌که له بیستنی ئه‌م تانه‌و ته‌شه‌رانه که کابرا له شاندۆی ته‌رده‌ستی دا، زۆر تێکچوون، به‌ڵام وتیان: شاندۆ گیان !تکا ده‌که‌ین، له سه‌ر سه‌کۆ وه‌ره خواره‌وه، با ئه‌و کابرایه بێته سه‌ر سه‌کۆ که، خۆی نیشان بدا و به‌درۆ بکه‌وێته‌وه.

کابرا، لاجه‌ولاج چوه سه‌ر سه‌کۆ و له جێی شاندۆ وێستا و تی :

من ناوم محەممەدە، بەڵام چون دەستێکم لە کاردا قرتاوە، هەر پێم دەڵێن حەمە کۆڵ. تەمەنم 62 ساڵە و بازنشەستە " موتەقاعید" ی یانەیەکم، کە هەمو مانگێک حەفتا هەزار تمەن مووچەی بازنشستەیی وەردەگرم . پێنج سەر خێزانین ؛ منداڵی خوێندکاریشم هەیە لەگەڵ چەند نەوەی چاوزیت ؛ میوانیش وەک دڵۆپە دەبارێ ؛ هەم خۆم و هەم کوێخاژنیش پیر و لاکەفتەین و پێویست بە پزیشک و داو و دەرمانین ؛ سیپاڵ و کەوش و مەوشیشمان پێویستە ؛ نان و چێشت و خواردەمنیش لەولاوە بوێستێ . بەم حاڵ و باڵەوە، هەر مانگێکیش هەشتا هەزار تمەن تەنیا کرێ ماڵ دەدەم. تا ئێستاش، بە یاغی بوون لە جەدوەلی فیساغۆریاس و ئەوانە، بنەماڵەی خۆمم بەم حیسابە فیچەڵفاچە سەیرە ریازیە بە خێو کردوە . ئایا من شوعبەدە باز و تەڕدەستێکی ماهیرم یا شاندۆی حوققەباز ؟. تەواوی خەڵکەکە بە دەنگی بەرز وتیان: باڵ بە ئەستۆ حەمەکۆڵ !، باڵ بە ئەستۆ! ...

لەم نووسراوەیەدا، بۆ پاراستنی کەسایەتی ئەو پیاوە، ناوی راستەقینەیم کرد بە حەمە کۆڵ، بەڵام هەمومان دەزانین، کە ئێستا لەم ناوچەیە دا، تاقە شاندۆیەکی فانتێزی هەیە، کەچی رەنگە بە میلیۆن حەمە کۆڵی راستەقینە ببێ. تکایە ئێوەش بڵێن شاندۆ شوعبەدەبازە یا حەمە کۆڵ ؟

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.